International Theatre Institute ITI
World Organization for the Performing Arts

# پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆ ٢٠٢٢ – ٣/٢٧

**نوسەری پەیامەکە: پیتەر سێلارس**
دەرهێنەری شانۆ و ئۆپێرا و فیستیڤاڵ

Kurdish / Sorani

کوردی / سۆرانی

---

## پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆ ٢٠٢٢ لەلایەن پیتەر سێلارسەوە

هاوڕێیانی هێژا

لەکاتێکدا جیهان خولەك بە خولەك و کاژێر بە کاژێر بە دڵۆپەژەمی ڕیپۆرتاژی هەواڵەکان دا هەڵواسراوە، یارمەتی هەیە هەمووەمان بانگهێشت بکەم، وەك داهێنەر، تا بە بواری کارکردن و ڕوبەر و تێروانینە ڕاستەقینەکانمانەوە بچینە ناو کاتی داستان، گۆڕانکاری داستان، بیرکردنەوەی داستان، ڕەنگدانەوەی داستان و بۆچوونی داستان ئامێزەوە؟ ئێمە لە کاتێکی داستان ئامێزی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەژین، وە ئەو گۆڕانکارییە قووڵ و بەرچاوانەی ئێمە پیایاندا تێدەپەڕین لە پەیوەندییە مرۆییەکان بە خۆیانەوە و بە یەکترەوە و بە جیهانی نا مرۆییانەوە، لە سەروو دەستڕاگەییشتنی ئێمەوەیە بۆ باسکردن، یان بۆ قسەلەسەرکردن و گوزارشت لێکردن.

ئێمە لە خولگەی هەواڵەکان لە ٢٤ کاژێر دا ناژین، بەڵکو لە کەناری کاتدا دەژین. ڕۆژنامەکان و مێدیا وەك پێویست کەرەستەئامیز نین و لە توانایاندا نییە ڕەفتار لەگەڵ ئەوەدا بکەن کە ئێمە ئەزموونیان دەکەین.

ئەو زمانە لەکوێیە، ئەو جووڵانە کامانەن، ئەو وێنانە چین بشێت یارمەتیمان بدەن بتوانێت لەم بزێوی و تێکشکانە قووڵانە تێبگەین کە ئەزموونیان دەکەین؟ وە چۆن بتوانین کرۆک و مانای ژیانمان هەر ئێستا بگۆڕین، وەك ئەزموون نەك ڕیپۆرتاژ؟

شانۆ فۆرمێکی هونەرییە بۆ ئەزموونکردن

لەناو جیهانێکدا کە لەسەر مێدیای کۆمپانیا زەبەلاحەکان قوڵپەدات، لەناو ئەزموونە هاوشێوەکان "هاوشێوەیی ئەزموونەکان" و پێشبینیکردنە تۆقێنەرەکاندا، ئێمە چۆن بتوانین ئەو دووبارەبوونەوە بێکۆتاییەی ژمارەکان تێپەڕێنین تا بتوانین پیرۆزیی و ناکۆتاییەکانی یەك ژیان، یەك سیستمی ژینگە، هاوڕێیەتی، یان بەهای ڕووناکییەك لە ئاسمانێکی نامۆ دا ئەزموون بکەین؟ دوو ساڵ لە

کۆڤید ١٩ هەستی خەڵکی کاڵکردەوە، ژیانی خەڵکی بەرتەسك کردەوە، پەیوەندییەکانی پچڕاند، ئێمەی گەیاندە خاڵی سفری نائاسایی نشینگەی مرۆڤەکان.

لەم ساڵانەدا پێویستە چ تۆوێك بنێژرێت یان دیسان بچێندرێتەوە؟ جۆری ئەو بخۆرە لە رادەبەدەر گەورەکراوانە چین کە پێویستە بەتەواوی بنەبڕ بکرێن؟ خەڵکێکی زۆر لە کەناردان، بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە و چاوەڕواننەکراو زۆر توندوتیژی هەڵگیرساون. زۆر سیستمی دامەزراو وەك بونیادێك بۆ توندوتیژییەکی بەردەوام ئاشکرابوون.

مەراسیمەکانی یادکردنەوەکانمان لەکوێن؟ دەمانەوێت یادی چی بکەینەوە؟ ئەو (یەزد)انە چین کە دواجار دەستئاوەڵامان دەکەن بتوانین جارێکیتر مەزنە بکەینەوە و دەست بە پرۆڤەی ئەو هەنگاوانە بکەین کە پێشتر هەرگیز نەماننناون.

شانۆی تێروانین، مەبەست، سارێژبوون و گرنگیپێدانی داستانئامێز، پێویستی بە یەزدگەلی نوێ هەیە. ئێمە پێویستمان بەوە نییە بەزمان بۆ بگێڕدرێت. پێویستمان بەوەیە کۆببینەوە. پێویستمان بەوەیە هاوبەشیی لە ڕووبەردا بکەین. پێویستمان بەوەیە ڕووبەری هاوبەش بکێڵین، پێویستمان بە ڕووبەری پارێزگاریلێکراو هەیە بۆ گوێگرتنی قووڵ، بۆ یەکسانیی.

شانۆ داهێنانی ڕووبەرێکە لەسەر زەمین بۆ یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان، خوداکان، ڕووەکەکان، ئاژەڵەکان، دڵۆپە بارانەکان، فرمێسکەکان و بۆ نۆژەنکردنەوە. ڕوبەری یەکسانیی و گوێگرتنی قووڵ، بە جوانییەکی شاردراوە دەدرەوشێتەوە. وە بەهۆی تێکەڵبوونێکی قووڵی مەترسی، هاوسەنگیی، ژیریی، کارکردن و دانبەخۆداگرتنەوە درێژە بە ژیان دەدات.

لە "سوترای ڕازاندنەوەی گوڵ" دا، بودا ١٠ جۆر دانبەخۆداگرتنی مەزن بۆ ژیانی مرۆڤ ڕیز دەکات. یەکێك لە بەهێزترینەکانی ناونراوە " دانبەخۆداگرتن لە درککردندا بەوەی هەموان تراویلکەن". شانۆ هەمیشە ژیانی ئەم جیهانەی وەك لێکچوویەکی تراویلکە نیشانداوە، بەمەش دەرفەتی بۆ دروستکردووین تا بە ئازادکردنی بەرچاوڕوونی و هێزەوە، لە ڕێی ئەندێشەکانی مرۆڤەوە، وەهم و کوێریی و نکووڵیی ببینین.

ئێمە زۆر لەوە دڵنیاین کە تەماشای چی دەکەین، وە چۆن تەماشای دەکەین، بە ڕادەیەك دڵنیاین کە ئیتر توانای بینین و هەستکردن بە واقیعێکی ئەڵتەرناتیڤ و ئەگەری نوێ و ڕێچکەی جیاواز و پەیوەندیی نەبینراوو پێکگەیشتنی نەمرمان نییە.

ئێستا کاتی ئەوەیە مێشك، هەست ، مەزنە ، مێژوو وە پاشەڕۆژمان بە قووڵی بژێنینەوە. ئەم کارە بە خەڵکی تەریککراو ئەمجام نادرێت کە بەتەنیا کار دەکەن. ئەمە ئەو کارەیە کە پێویستە ئێمە بەیەکەوە ئەنجامی بدەین.

شانۆ بانگهێشتکردنێکە تا ئەم کارە بەیەکەوە ڕاپەڕێنین.

لە دڵەوە سوپاس بۆ کارکردنتان

پیتەر سێلارس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە لەلایەن [ڕزگار حەمە ڕەشید]، دەرهێنەری هونەریی [گرووپی شانۆی سکای]

Translated to Kurdish (Sorani) by Rzgar Hama

Artistic Director of Sky Theatre Group